# شێرزاد حەسەن لە تەنیاییەوە بۆ ژنێکی منگن
## لێکۆڵینەوەیەک لەسەر چیرۆک و بەرهەمەکانی بەڕێز شێرزاد حەسەن

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

**بەشی دووەم**

## گوڵی ڕەش




گوڵی ڕەش ، دووەمین بەرهەمی شێرزاد حەسەنە . چاپی یەکەمی ساڵی 1988 بووە. واتە پاش پێنج ساڵ بەدوای کۆمەڵە چیرۆکی تەنیایی چاپکراوە. گوڵی رەش بریتییە لە شەش کورتە چیرۆک:

1. گوڵی ڕەش
2. گوناهی سپی
3. من و قالەوسەگەکەی پافلۆف
4. ڕەنگاڵە
5. میم
6. زەلکاو

بەهەمان شێوەی تەنیایی ، مەسەلەکانی ( سێکس ، کێشەی چینایەتی ونایەکسانی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و نەخۆشیە دەروونیەکان ) خۆیان دووبارە دەکەنەوە. وەلێ ئەم چیرۆکانەی ، زۆر بەشێوازێکی ئەدەبی بەرز نووسیویەتی . لەهەمان کاتیشدا ، ئەو بابەتانەی کەخراونەتە دەریای

ئەم چیرۆکانەوە ، زۆرگرنگ و بەنرخن . دەتوانم بڵێم کە شێرزاد لەرێگای ئەم کتێبەوە ناوبانگی دەرکرد . لەم چیرۆکانەدا دووبابەتی گرنگ خۆیان زەقکردۆتەوە. یەکەمیان بیری ئایدۆلۆژی چەپ ( کۆمۆنیستی) . دووەمیان نەخۆشی دەروونی و زانستی سایکۆلۆژیا. کەیەکەمیان خۆی لە چیرۆکی "میم" دا دەردەکەوێت ، دووەمیشیان لە چیرۆکی "من وقالەو سەگەگەکی **پافلۆف**" دا ، دەردەکەوێت .

## چیرۆکی میم

**ناڵێم خانوەکەم...من ئێستاش ڕقم لە پیتی "میم" _ە.م..م...م..**
**ئای کەبێزم لەو میمەیە. میمی پاشگر ، گەر بۆم بکرێ**
**لەزمانی کوردی دا نایهێڵم... هەڵی دەگرم..**
**بروخێ میم ... ئەو هۆکارانەش کەئەم**
**پیتەیان خوڵقاند . ئەم میمە.**
**تابڵێ ی پیتێکی ئێسک**
**گران و ناشیرینە.**
**بەتایبەتی کە**
**بەدوای ناوەوە**
**دێ.**
**بەڕای من لەنێو هەموو زمانەکان دا هەر ناشیرینە ..**
**هەی دوو هەزار ملیۆن تف لە میمە......**

هەر ئەم میمانە بوون پاڵیان بەمنەوە نا کە هۆگری نووسینەکانی شێرزاد بم . لەم چیرۆکەدا شێرزاد، شۆرشێکی گەورە دژی سیستەمێکی نامرۆڤی دەکات . ئەم چیرۆکە ڕاپەڕینێکە لەدژی عەقڵیەتێکی کۆنی دووهەزار ملیۆن ساڵی . خۆپیشاندانێکی ئازادە ، دژی پەروەردەیەکی سەقەتی کۆمەڵگا. خەباتێکە مەزنە ، دژی مێژوو، فەلسەفە، سیاسەت ، مۆراڵە پیسەکانی ناوکۆمەڵگا.
شێرزاد لەم چیرۆکەدا ، دەبێتە شۆرشگێرێک و بەقەڵەمەکەی ، شۆرش دژی ناعەدالی دەکات. وەکوو جەنگاوەرێک، شەرێکی پیرۆز دژی زووڵم وزۆری خاوەنی (میم) ە کا دەکات. شێرزاد بەزمانێکی شیرینی ئەدەبی ، دەیەوێت سوێرترین و ناشرینترین ووشەی زمانی کوردی لەناوبەرێت. وەکوو بابایەکی بەئەزموویش ، لەترس و کارەساتەکانی ئەم نەخۆشی ( میم) ە مان ، پێ رادەگەیەنێت . وەکوو دکتۆرێک ، کۆمەڵگا لە ئاکامەکانی ئەم نەخۆشیە کووشندەیە ئاگادار دەکاتەوە.
وەلێ بەداخەوە شێرزدا لەپاش ئەم میمە ، نەیتوانی ( میم) ێکی تری هاوشێوەی بنووسێت. هەر لێرەشەوە کاریگەری ئایدۆلۆژیا بەسەر نووسەرەوە دەبینین . بە بڕوای من شێرزاد کاتێک لە کۆڵانی هەژارو زەحمەتکێشەکانی "کوراوە" ی هەولێر بوو، هەستی بە دەردەسەری و ئازارو مەینتیەکانی خەڵکی گەڕەکەکەی دەکرد. زۆر لەنزیکەوە دیاردەو نەخۆشیەکانی دەبینی . وەلێ

کاتێک ئەو کۆڵانەی بەجێهێشت  و، خۆی کرد بە گەڕەکی (**پۆست مۆدێرنیزم!** ) دا، تەنها خانووی مۆدێرن و  خەڵکی مۆدێرنی بینی . هەر ئەمەش بووە هۆی ، دوورکەوتنەوە لە جیهانی میم .

**رۆمانی پەروەردەی هەستیارانە ی فلۆبیرو میمی شێرزاد**

فلۆبێر رۆماننووسی گەورەی فەرەنسا ، پاش شکستەکانی ساڵی 1848 ، رۆمانێکی مەزنی بەناوی " پەروەردەی هەستیارانە " نووسی . ئەم رۆمانە باسی ژیانی دوو گەنجی فەرەنسی دەکات ، کەچۆن یەکەمجار باوەڕیان بەبیری ئازادی و یەکسانی کۆمەڵایەتی هەیە، کەچی پاشان هەردووکیان دەبنە مووچەخۆری دەوڵەت و، تەنانەت یەکێکیان دەبێتە فەرمانداریکی دڵ رەق لە جەزائیر. لەورۆمانەدا فلۆبێر باسی ڕووداوەکانی پاش 1848 دەکات ، کەچۆن کاریکردە سەر تەواوی ژیانی فەرەنسیەکان . هەرلەو رۆمانەدا ، زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەر ، دەوڵەمەندو سیستەمی سەرمایەداری . فلۆبێر دەڵێت : **زۆر ڕقم لە ووشەی "موڵکەکەم ، موڵکەکەت" دەبێتەوە . بەدەستم بێت ئەو ووشەیە  لەناو دەبەم .**
پێدەچێت ئەم میمەی کاک شێرزادیش ، هەرلەو سەرچاوەیەوە هەڵقووڵابێت .

**من و قالەوسەگەکەی پافلۆف**
**گەر ئەو سەرخۆشە لەعنەتی یە ، پێڵاوی پێ ی چەپی**
**دابکەندبایە ،  من دەمێک بوو نامەی**
**ماجستێرەکەم خوێندبۆوە.**

ئەم چیرۆکە باسی خوێندکارێکی زانکۆ  دەکات ، کە بۆ ماجستێر دەخوێنێت . لەیەکێک لە هۆتێلە هەرزان و ناخۆشەکانی بەغدا دەژی . لەسەروو ژوورەکەی ئەمەوە ، سەرخۆشێک دەژی . هەموو شەوێک کەئەم سەرخۆشە دێتەوە ، پێڵاوی چەپی دادەکەنێت و ، بەتوندی دەیکێشێت بە زەویدا و ئینجا دەخەوێت .
خوێندکارەکەش لەسەر ئەم رەوشتە سەیرەی سەرخۆشەکە ،رادێت و بەبێ ئەوە، خەوی لێ ناکەوێت. وەلێ لەوشەوەی کەبۆبەیانی کاتی خوێندنەوەی نامەکەیەتی ، سەرخۆشەکە پێڵاوەکەی داناکەنێت و، ئەمیش خەوی لێ ناکەوێت . بۆبەیانیش نامەی ماجستێرەکەی لەکیس دەچێت .
شێرزاد لەم چیرۆکەیدا ، هەوڵی داوە زانستێکی ووشکی دەروون ناسی ، بەزمانێکی شیرینی ئەدەبی سادە بنووسێت . زۆرشارەزاییانە ، کاریگەری بیردۆزەکەی زانای گەورەی رووسی ( پاڤلۆڤ) ، لەسەر سلووکی مرۆڤ دەردەخات . هەروەک شێرزاد خۆشی لە پاشکۆی چیرۆکەکەیدا دەڵێت : ( **ئەم چیرۆکە کەم تا زۆر پەیوەندی بە روانین و تیۆرەکانی پاڤلۆڤ و فرۆیدەوە هەیە .... بەڕادەی یەکەم ویستوومە چیرۆکی حاڵەتێکی سایکۆلۆژی لێ دەربچێ نەک تواندنەوەی تیۆرە سایکۆلۆژی یەکان ... لاپەڕە123** ).

شێرزاد زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ پاڵەوان و رووداوەکاندا کردووە. زۆر شارەزایانە چیرۆکەکەی بە تیۆرەکەی پاڤلۆڤەوە بەستۆتەوە.  هەر وەک خۆشی  بەم شێوەیە باسی دەکات:

**قاله =  پاڤلۆڤ**
**من =  سەگەکەی پاڤلۆڤ**
**پێڵاوی چەپی قاله= داگیرساندنی گڵۆپی ژوورەکەی پاڤلۆڤ**
**تەپەی پێڵاو = پارچە گۆشتەکەی پاڤلۆڤ**
**خەوتنی قاله = لیکی دەمی سەگەکە**
**خەوتنی من = تێربوونی سەگە برسی یەکە**

**بۆیەکەمینجار لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا ، شێرزاد توانی ، بە شێوازێکی ئەدەبی شیرین ، باسی زانستێکی گرنگ بکات . لەڕێگای چیرۆکێکەوە ، توانی یەکێک لە تیۆریە مەزنەکانی زانستی دەروونناسی ( سایکۆلۆژی ) ، بە خوێنەری کورد ئاشنا بکات . شێرزاد هەوڵی داوە  ئەدەب و زانستی دەروونناسی تێکەڵاوبکات.  کەئەم کارەش هەروا ئاسان نییە ، بەڵکە شارەزایی و توانای خۆی دەوێت .**

**سەرچاوە:**
**گوڵی ڕەش . شێرزاد حەسەن . چاپخانەی تیشک . چاپی دووەم.** 2003.